# ثيرؤزى ناوى ثيشمةرطة

محەمەدی حاجی محمود (١)

پێشمەرگە ئەو ناوە پیرۆزەیە کە لەناوەڕاستی چلەکانی سەدەی رابردوو کەوتە سەر زاری خەڵکی کوردستان، بەو مانایەی پێش مەرگ دەکەوێت یا مەرگی پێش وەخت. لە مهابادەوە لەکاتی دامەزراندنی سوپای کوردستان ناوی پێشمەرگە هاتە ناو ناوانەوە.پێشمەرگە بەم جۆرە باس دەکرێت:-

١- کاتێك ئەو کەسەی کە دەبێتە پێشمەرگە لە ڕێگای ڕێکخستنەوە یا ناسراوێکی.

٢- پێشمەرگە یا کەسێکی باوەڕپێکراوە.

کە هات ماوەی چەند مانگێك فیشەكو هەندێك نانو چای هەڵدەگرت یاخود گوللە ئاربیجییەك یاشتێکی پێویستی هەڵدەگرت تا چەکێك پەیدا دەبوو یالە شەڕێك چەك دەگیرا یا پێشمەرگەیەك شەهید دەبوو چەکەکەی ئەوی هەڵدەگرت، جلەکانی بەتەواوی خاکی بێت، جامانەو پوزەوانە،



ئەوانە شەرتو شروتی هەر پێشمەرگەیەك بوو بێجگە لەوەی لەگەڵ هەڤاڵەکانی ڕێك و پێكو لەماڵان دابەش بوونو هەڵسوکەوتی دەبێت زۆر لەسەرخۆ بێتو بەپارێزەوە مامەڵەبکاتو ڕێزگرتن لەخەڵكو نەدرکاندنی نهێنیەکانیو ئازاو

لەخۆبوردوو ترسنۆك نەبێتو خۆی بەخزمەتکاری جەماوەر بزانێت، واتە ئەو کاتەی پێشمەرگەبووە.

١- لەسەرەتای شەستەکان پیشمەرگە بووە ئەو ماناو ناوە، کە ئازاو لەخۆبوردوو گیانی خۆی بەخت ئەکات لەپێناوی گەلو نیشتمانو پاراستنی دابو نەریتی کوردەواریو کلتورو ئازادیو سەربەخۆییو مافی نەتەوەکەی، پێشمەرگە بەژمارەی کەمو بەبیرو باوەڕی بەهێز بەباوەڕبوون بەخۆی بەرگری گەورەترین هێزی بەرامبەری، کەلەرووی چەكو ئیمکانیاتی سەربازییو ژمارەوە زۆرجار یەك بەرامبەر بە ١٠٠ بوو، بەڵام هەمیشە بەکەمترین تەقەمەنیو پێشمەرگەوە زۆرترین زیان بەدوژمن دەگەیەندرا، ڕێکەوت نەبوو هەمیشە بەخوێنی ١-٢ پێشمەرگە لەبەرامبەر ٢٠-٣٠ زۆر جار ١٠٠ کەس لە دوژمن کۆتایی هاتووە، پێشمەرگە بەگەورەترین سەرمایەی مرۆڤایەتی کەگیانو ژیانی خۆی خزمەت بەنەتەوەکەی کردووە، خۆشویسترین کەسیماڵو خێزانو سەروەتو هەمووی داوە بەچەكو لەشانیو لەچیاکانی کوردستان بەسەرینی بەردو ڕاخەری زەویو لێفەی ئاسمان بووە، ماڵی ئەشکەوت، ماڵی هاووڵاتیان، حەمامی رووبارو چەم، سەلاجەی کانیاوەکانو ژووری خەوتنی نێوانی دوو بەرد، کاتی حەسانەوەی کەمتر لە ٢٠ کەس لەدەوری یەكو لەخەوی نیوەڕوانی، لەسەنگەری گەرمی بێ ئاوی بەرامبەر بە دوژمنو شەوچەرەو دیوەخانی شەوەزەنگی تاریكو هەزاران هەزار نشێویو ئاوی رووباری ساردو بەفرو بینینی ماڵو منالْ لەکاتی دابەش بوونی ماڵان لە فکری خۆیداو هەمیشەش دوژمن لەکەمیندا بووە بۆی یادی شارو خۆشیو سەری ساڵو بۆنەکانی لەناو چیاکانو دوور لەشارو جەماوەر بەسەر بردووە، لەجیاتی عەلاگەی میوە شت بۆ ماڵو منالْی فیشەکی زیادو گوللە ئاربیجییەکی بەدەستەوە یا لەکۆڵە پشتەکەیدا بوو.

پێشمەرگە بەژمارەیەکی کەمو لەپێناوی حەسانەوەی زۆرینەی گەلەکەی ڕێگای هاتو نەهات هەڵدەبژێرێت. پێشمەرگە دەزانی خۆی لەهەر لەچرکەساتێکدا قابیلی مردنو تیاچوونە، دەزانێ ماڵو منالْی موحتاجی دەستی کەسانێك دەبنو دەزانێ تاڕادەی سوکایەتی بەماڵو منالْو خزمی دەکرێ، دەزانێ ئەوانەی ئەمڕۆ خۆیان بەوشێوەیە حساب دەکەن ڕێگای مەرحەبای خێزانو منالْی ئەو ناکەن، دەزانێ منالْەکانی چۆن هەر رۆژەو لەماڵێك بەناچاری نانێکیان ئەدەنێ، پێیان ئەڵێ ئەوە حکومەت زانیویەتی ئێوە لێرەن. واتە جوابیان دەکاتو ئەوانیش هاواریان بۆ لای کەس ناگاتو بەمنالْو وورد بێ ئەوەی هیچ هەبێ نازانن روو لەکوێو بۆ ماڵی کێ بڕۆن. ئەزانن لە ئەمنە سورەکەو ئەوانی تریش سوکایەتیان پێ دەکەنو چۆن معامەلەیان لەگەڵ دەکرێت. ئەزانن

گرتن و سجن و تەنانەت نزیکترین کەسی خۆشی جێگایان ناکاتەوە ... بەڵام پێشمەرگە بۆ خوێن ناپارێتەوە بۆ گیانێکی هات و نەهات ناترسێ، ئازادو سەبەست و بێ منەت لە دوژمن وەلە پێناوی ئاسودەیی خێزانی خەڵکی کوردستاندا خێزانەکەی خۆی دەکاتەوە قوربانی . شەو رۆژ دەکاتە سەریەك بۆ نەتەوەکەی لەهەر بوارێکدا بۆی بلوێ، واتە پێشمەرگە بەهەر دەردەسەری و ناخۆشیەك بووە،تا ئازاری ١٩٩١ ی هێناوە ئەوکاتە قەزیەکە هەڵکشاو لەدوای کۆچەکەی بڕیاری ٦٨٨ی نێو دەوڵەتی و خەتی ٣٦و هێزی هاوپەیمانانی ئەمەریکاو بەریتانیاو فرەنساو تورکیاوپاشان لە mcc لەزاخۆ کشانەوەی هێزەکانی عێراق لەدوای چەندجار چەك کردنی جەیشی عێراق لەمانگی ٧-٩ ١٩٩١ وە کشانەوەی رژێم لە کوردستان لە ١٩٩١/١٠/١ وەبەری کوردستانی و بڕیارو ئیدارەی کوردستانی گرتە ئەستۆ .

هەڵبژاردنی ١٩٩٢/٥/١٩ و بەکەموکوریەکانیەوە پاشان حکومەت و شەری ناوخۆ تا ئاشتی واشنتۆن لە ١٩٩٨/٩/١٧ و روخانی رژێمی بەعس لە ٢٠٠٣/٤/٩ دا بە پێشمەرگە لەگەڵ هێزەکانی ئەمەریکا و ئازادبونی تەواوی کوردستان بۆ یەکەم جار لەمێژووی خۆیدا لەبەدرەو جەسان و مەندلی و قەزانیەوسعدیەوجەلەولاو خانەقین و دوزخورماتوو قەرەتەپەوقەرەهەنجیرو شاری کەرکوك و دبس و مەخمورو گوێرو سنجارو عین زالە و شێخان و تەواوی ناوچەکانی کوردستان ، ئەو گەورەترین دەستکەوتی ئەو گۆرانە سیاسی و سەربازیی و ئابوریوجەماوەریە بوو تا ئێرە باش هات. بەڵام لەدوای ئەوە مەجلسی حوکم و بریمەرو پەرلەمانی ١٠٠ کەسی و حکومەتی دکتۆر عەلاویو پاشان هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٥/١/٣٠ و حکومەتی جەعفەری و دەنگ بۆ دەستور لە ٢٠٠٥/١٠/١٥ وە هەڵبژاردنی ٢٠٠٥/١٢/١٥ ئەوانە هەمووی بەرهەمی خوێنی شەهیدان و ئەو روبارەیەکە دروست بووە. بەهەر شێوەیەك باسی پێشمەرگە بکرێ، پێموایە هەر کەوە بەرزراگرتنی ناوی پێشمەرگەو خزمەتی پێشمەرگەو دەوری پێشمەرگەلە ٢٠٠٣ دا جێگای سەربەرزی کوردە سەرۆکی ئەمەریکاش ناوی پێشمەرگەی هێناوپێشمەرگە چووە قاموس و چوە ئەرشیف و چوە ناورۆژنامەو چوە ناودبلۆماسیەت. هەروەکو چۆن تێکەڵی کەلتوری کوردەواریبووە، هەرواش تێکەڵی زاراوە جیهانیەکان بووە و پێویستە پێشمەرگە جیا بکرێتوە چونکە هەمیشە لە پێناوی گەل و نیشتمان خەباتی کردوە و خۆڕاگربووە و بەرگەی ئەنفال و کیمیاباران و کاول کردن و

کوشتنی کەس وکاری کردووە، لەبەرامبەر دوژمندا راوەستاوە و بەرگەی رۆژانی دوای ئەنفالی کردوە وەبەرگەی رۆژانی نائومێدی گرتووە، رۆژێك لەرۆژان لەژێر هیچ ناو و پاساوێکدا تەسلیم نەبۆتەوە بەدوژمن و تەسلیم نەبۆتەوە بۆ بەرژەوەندی خۆی، جگە لە چەك فیشەك و پوزەوانەو قایش و جامانە و کیسە خەویكو دەرزی و دەزوو مەتارەیەك ، خاوەنی هیچ نەبووە و بەگیانی خۆی خزمەتی کردوە بەگەل و نیشتمانی . دەبێت ئەوانە تێکەڵ نەکرێت لەگەڵ ئەوانەی بەکاری خۆیان و سەربازی فیرارو کەسێکیان کوشتوەو بۆ دوژمنایەتی و کاری تایبەتی خۆی ناوی پێشمەرگەی لەسەر خۆی داناوە ، پێشمەرگەش دەبێت ناوەکەی بپارێزرێت وە کلتورەکە و خزمەتەکەی بەیادی نەوەکانی داهاتوو چەندیان لەسەر بنوسرێ هێشتا کەمە، بۆیە ئەوەش کەوتۆتە سەر ئەو پێشمەرگە دێرینانەی ماون ، چونکە دوای چەند ساڵێك کە پێشمەرگەی دێرین نامێنێ واتە هەمووی ئەمرێت کۆتایی دێت بەلآم ناو ناوبانگی و خەباتی و داستانە بێ وێنەکانی و رۆژانی سەختی نامرێ و بەزیندویی ئەمێنێتەوە . ئەوانیش کەوتۆتە سەرشانی پێشمەرگە دێرینەکان خۆیان بەتەنگ کاری خۆیانەوە بڕۆن و ئێستا ئامێر هەیە هەتا ئەو پێشمەرگانەی خوێنەواریش نین دەتوانن قسەبکەن و رۆژانی سەختی پێشمەرگایەتی تۆمار بکەن. دەبێت هەوڵ بدرێ ناوی پێشمەرگەش لەدەستوری عێراقدا ناوی دابنرێ بۆ ئەوەی ناوی پێشمەرگە هەر بەزیندوێتی بپارێزرێت.

ئەگەر مۆزەخانەیەك بکرێت بۆ پێشمەرگە چەك وتەقەمەنی دەستی شەهیدەکان و جلەکانیان و ئەو جلو بەرگانەی گوللەیان پێوەیە یان خوێنی پێوەیە ، و مەتارەی ئاو و تاقمی فیشەکی مەخزەن و چەقۆ ئەوەی کە پێشمەرگە بەکاری هێناوە لەو مۆزەخانەیەدا بەناوی کەسێکەوە دانرێ . ئەو ئامێرو گۆڤار و بەیان و جیهازانەی بەکار هاتوە لەوکاتەدا لە مۆزەخانەی گەورەی وادا کە شایەنی پێشمەرگەو رۆژانی سەختی پێشمەرگایەتی بێت هەمووی لەو مۆزەخانەیەدا دابنرێ ، وە ئەوەش لەسەر CD تۆمار دەکرێ، هیواداریین ئەم گۆڤارەش ببێتە دەنگێکی باش و ئەرشیفێکی باش بۆ کۆکردنەوەی هەموو شتە بەبەهاکان . پێشمەرگەلە مەفرەزەی سەرەتاییەوە دەستی پێ کردووە تا گەیشتوە بەم رۆژە، پێویستە سەرچاوە بنەڕەتیەکەی پێشمەرگە لەیاد نەکرێ و لەڕووی رێکخستنی سەربازیشەوە مەشقی پێ بکرێت و لەیەکە سەربازیەکاندا وەکو ( فەوج و لیواو هتد..) دا ڕێك بخرێت.